ســـەرەڕای ئەوانە، کورد لەژێر تەوژم و زەختی هەمەلایەنی دوژمن و بێ مبالاتی خۆی دا، نەچەمێوە و توانی خۆی رابگرێ و هەرجارە هەستێتەوە و لە چووکترین دەرفەت دا، هەوڵی داوە شـاد و زیندوو، داب و نەریت و رێوڕەسـمە دیرینەکان، وەک چوارشـەممە سـووری و نەورۆز و سێزدەربەدەر و... بە شکۆوە زیندوو بکاتەوە.

داهێنەر و شاعیر و بەیت بێژ و نووسەرانی ناسراو و نەناسراو، بە ئاشکرا و بە نەهێنی، بەیت و گۆرانی و شـێعر و چیرۆکی ژیانیان، وەک "حللوور بللوور تەکامە"، "مام حەیدەرەی رەوەندی"، "ئـاڵەکۆکەی کوڵکنە"، "مەڕوکە و بزنۆکە"، "بەرخۆڵە"، "مەلای مەزبووره، هەروە ها (حەکـایەت) جوراجۆر ئاشـــقانە وەک "دەنکەهەنار و عاتیفی وەک "مووروەوی دەنگێ" یان "دەنگەوەرە" و چیرۆکی ئایینی وەک "شـێخ مەند و شـێخ رەش" بابەتی هەتەڵە و مەتەڵە (مەتەڵ) چەشـــنی "هەیاران و مەیاران، هێلکەی دەکا لە داران، بو فەقیر و هەژاران". هەروەها رێو و رەســـمەکانی "بێڵندانە" و "بووکەبارانە "قوڵەچوارشـــەممۆ" و "هەتەرێ و مەتەرێ" و "شـــەممولە" و پەندی پێشـینیان و کایەی جواجۆر وەک"میرمیرێن"، "پشـیلەی ماڵە مێرانی" و "خوززێن" و "هەمزەل" و "جۆرابێن" و ڕاوە ژووشـــک، شـــەڕەفڕی شـێعر و گۆرانی و بەند هاویشـتن و بالۆرە یان زیندوو کردەوە. ئەوجار دەیان بابەتی جوراجوری دیکە وەک ئەفســـانەی "دێو و درنج" و یان "ئـاوی حەیات" یان ئەفسانەی "پیرەژنە چەنگ ئاسنین"یان، لە فۆڕمی جوان دا نەخشاندووە.

هێندێک لەو یاد و بۆنە کلتوورییانە، وەک جێژنی نەورۆز، بە سـەما و داوەت و هەڵپەڕکێ و خۆشـی، ئاوێتەی روحی کوردان بووە و تازە محاڵە دوژمن زەفەری پێببا. پرۆفسـۆر جێنۆ ئالفرێد لەســەر گۆوەند و داوەتی کوردی دەنووسـێ کە هەڵسـوڕانی دەسـماڵ لە ئاسـمان دا بە هۆی ســەرچۆپی، نیشـانەی ئازادی کوردانە. پێ پێدادان بە ســەر عەرز دا، نیشـانەی خۆشـەویسـتی نەتەوەیی و بەستراوەیی ئەوان بە نیشتمانیانە. رەشبەڵەکی داوەتیان نیشانەی بەرابەری مافی ژن و پیاویانە. دەست لە دەستگرتنیان نیشانەی یەکێتی و یەکگرتوویانە و ئەمن لە هیچ سەمایەک دا، ئەو تایبەتمەندییە بە نرخ و بە مانایانەم نەدەیوە.

بە گشتی لە سەردەمانی پێشوو دا، خزمەتکارانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی زۆر کەم بوون و لە قامکی دەست تێنەدەپەڕین و ئەوەی دەناسران لە عەلی تەرمۆکی" کە لە سـەدەی پێنجی کۆچی دا ژیـاوە دەســـت پێـدەکـا. لۆســـییەن" ئەدیبی فەڕانســـەوی، لە بەرهەمی بێوێنەی خۆی دا (مەتەڵەکانی کوردی)، چەند بەش لە بەرهەمەکانی ئەو شـــاعیرەی وەرگێڕاوەتە ســـەر زمانی فەڕانسەوی کە لە راستی دا، وێنەی بەرزی ئەدبی کوردییە.

دوای تەرەمۆکی، باباتاهیری هەمەدانی و "بی‌بی فاتمە"ی خوشـکی (سـەدەی ٥ و ٦ کۆچی) لە بەستێنی سۆفیایەتی دا، شێعری زۆریان گوتووە و هەر دووکیشیان کتێبی دیوانی جیاوازیان هەیە. عەلی جەزیری لە سـەردەمی ئەو سـێ شـاعیرەدا بووە و لە دوای خۆی دا دیوانی شـێعرێکی پڕ بایخی بەجێهێشتووە کە لە بواری رەوانی و بەرزی خەیاڵ دا، زۆر پڕ بایخە. مەلای جەزیرێ کە بە

"شێخ ئەحمەد" بە ناوبانگ بوو، لە نیوەی دووهەمی سەدەی شەشی هیجری دا، دیوانێکی نەرم و دڵبزوێنە دارشت کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە "برلین" چاپ کرا. ئەو دیوانە لە بواری بەربڵاوی مانا و جوانی و سەنعەتی ئەدبی دا، لە ئەدبیاتی کورد دا کەم وینەیە. ئەوجار فەقێ تەیران و مەلاباتە، بە هەستی بیگەردی خۆیان، سەدەی ٨ و ٩ ی کۆچیان رازاندەوە.

عەلی حەسەنیانی لە کتێبی "شارویران" دا، باسی میرزا سەرهەنگ خان ئەڵماسی دەکا کە خەڵکی کەنوولەی کرمانشان بووە و لە سەدەی نۆهەمدا ژیاوە و بە زمانی هەورامی شێعری داناوە کە بەناوبانگترینی ئەوان "لەیلی و مەجنوون" و "شانامە"یە.

سەید محەممەدی حەمیدی لە نووسراوەکەی دا دەنووسێ کە ئەحمەدی خانی لە ئەدیبانی گەورەی سەدی ١١ کۆچی دا، دوو بەرهەمی بە ناوبانگی، داستانی مەم و زین و گوڵ بەهاری، بۆ جیلی دوایی بەجهێشت و لە هەموو شیعرەکانی دا، هەستی نەتەوەیی خۆی دەربڕیوە. داستانی "مەم و زین کە بە راوێژی حەکاری گوتراوە، لە ساڵی ١٣٣٨ رۆمی دا، لە ئیستانبوول چاپ بووە و هەروەها ناوبراو بە فارسی و تورکیش شێعری گوتووە. هەروەها ئیسماعلی بایەزیدی کە لە شاعیرانی سەدەی ١٥ و لە رێڕەوانی ئەحمەدی خانی بوو، خاوەنی شابەرهەمی کتێبی"نەفەحاتی گوڵ"ە.

شەریف خانی جۆڵەمێرگی، یەکیک لە میرانی "بتلیس" بوو کە سەدەی ١٢ ی پڕ کرد و لە زاراوەی کوردی کرمانجی و فارسی دا شێعر و غەزەلی زۆرە. سەدەکانی ١٣ و ١٤ ی کۆچی لە بواری شیعر و شاعیرییەوە دەوڵەمەندترن. شاپەڕتو حەکاری، ئەحمەد رامز بەگ کوردیزادە، مسباح ساوجبلاغی، مستەفا بەگی کوردی، مەلا خزر نالی، حاجی قادر کۆیی، عەبدولڕەحمان بەگی سالم، شێخ عەبدولرەحیمی مەولەوی هەورامی کە ولادمیر مینورسکی، لە ریزی فردووسی داناوە، مەولانا خالید کوردی شارەزوور، شیخ رەزا تاڵەبانی، محەمەد ئەفەندی، حەمە ئاغای دەربەندی فەقرە، حەسەن کنووش، ساڵح ئەفەندی ئاهی، ئەحمەد حەمدی بەگ، تاهیر بەگ، ئەحمەد بەگی جاف، ئەمین فەیزی بەگ، خەستە، سولیمان ئەفەندی یەمەنی، مەلا ساڵح حەریق، عەبدوڵا حەسەن، مەلا محەمەدی خاکی، مەلا مستەفا بێسارانی، وەلی دێوانە، ئەحمەدی کۆر، ئەمین بەگی دزەیی، وەفایی، مەلا مستەفا بیارەیی، حەسەن هۆمەر، مەلا محەممەد کۆماسی، مەلا ئەحمەدی دەربەند، مەلاقادری شێخ وەسانی، مەلا رەحیم موکری، کاک ئەمین موکری، کاک مستەفا ئێرانی، مەلا محەمەد کۆیی، ئەبولحەسەن سەیفی قازی، مەلا مەعروف کۆکەیی، مەلکولکەلام، بەردەشانی و کەسانی دیکە، ئەو دوو سەدەیەیان بە تیشکی ئەدەبی خۆیان رووناک کرد.

سەیە محەمەد لە درێژەدا دەنووسێ، جیا لەوانە کە وەبەر رەحمەتی خودا کەوتن، ئێستا لە کوردستان دا زۆر ئەدیب و شاعیری ناسک خەیاڵ و گەورە هەن کە بەرهەمەکانیان لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی و فارسی دا، بەو دوو زمانە چاپ دەبن، وەک: پیرە میرد، سالار سەعید حەیدەری، عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی هەژار، خاڵەمین، هەتاو، هیمن، شپرزە، قانع، مەلا

کەریم زاری، غەرقی شێعری، فایق بێکەس، سەلام، گۆران و سەدانی دیکە.

لە حەوتەنامەی "کوهستان" ی ژمارە ٥١ دا لۆسی پۆل مارگرێت" دەنووسێ کە لە سەدەی ١٩ دا حاجی قادر و شێخ رەزا و مەولەوی و کەسانی دیکە شێوەی رۆمانتیکی و رێئالی و رەمزیان لە ئەدەبیاتی کورد دا زیندوو کردەوە و پەرەیان پێدا.

لۆسی پۆل مارگرێت" لە ژمارە ٥٥ دا دەنووسی کە لە سەردەمی ئیستا دا "گۆران" و "پیرۆت" و "جگەرخۆین" و ئەسیری" و بێکەس و ... خاوەنی شێوازی رێئالیستی و رەمزی ئەمپریوسیێۆنیستن.

ناوبراو لە ژمارەی ٤٤ ی ئەو سەرچاوەدا دەنووسێ: کوردان ئەو هۆش و زەکاوەتەیان هەیەی کە بتوانن هەر شتێک بەیان و تەعریف بکەن کە لە سروشتدا بەدی دەکرێ. توانایی زمانی کوردی لە حاست فەلسەفەکەیان دا، کەم ناهێنێ. هەر وەکوو زبانی کوردی، زبانی شێعرە، شێعریش لەو زبانەدا تەواوی لایەنەکانی ژیان و سروشت لە خۆ دەگرێ.

لەسەر ریتمی شێعری کوردی عەلی حەسنیانی دەنووسێ: بە دوای ئیسلام دا کیشی عەرووزی عەرەبی لە ئەدەبی دا فارسی جێگیر بوو بەڵام "مامۆستا هێمن" دەڵێ "کێشە خۆماڵی و فۆلکلۆرییەکان کە لە باوک و باپیرانەوە بۆمان بە جێ ماون، باشتر دەگەڵ تەبیعەتی زمانەکەمان ڕێک دەکەون. مامۆستا "گۆران"یش لە سەر ئەم بڕوایەیە کە کێشی بڕگەیی، کێشی تایبەتی نەتەوەی کوردە. بەو هۆیەوەیە کە زۆربەی شێعری کوردی چ بە شێوەی نووسراوە و چ بە شێوەی فۆلکلۆریک (بەیت و گۆرانی و...) لە سەر کێشی بڕگەیین و ئەو شاعیرانەش کە بە کێشی عەرووزی شێعریان گوتووە، بەداخەوە یان بەختەوەرانە هیچیان سەرکەوتوو نەبوون.

لۆسی پۆل مارگرێت" لە ژمارە ٤٤ ی حەوتەنامەی "کوهستان" دەنووسێ کە ئەدەبیاتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، لە حیکایەت و داستان و ئاهەنگ و نەغمەی بابەت دا، زۆر دەوڵەمەندە و داهێنەرانی ژن و پیاوی نەناسن. لۆسی ئەو ئەدەبیاتە بە بەشی جوراجۆر دابەش دەکا و لە ١١ خاڵ دا کۆیان دەکاتەوە و دەنووسێ کە بە کورتی دەکرێ بگوترێ بەیتەکان، لە بواری ئاهەنگ و وشەوە، دوور و درێژ و قافییەیان رێکە، بەڵام لە بواری وەزنەوە رێک نییە و زۆرتر لە لایەین شایەر و گەریدە و حەکایەت خوانەکانەوە دەگوترێ و گۆرانی عیشق و خۆشەویستیش زۆرتر لە لایەن ژنانەوە دەگوترێ. هەر ناوچەیە گورانی و سروودی شەڕی تایبەت بە خۆی هەبوو کە تیکەڵاوی سۆزی عیشق و خۆشەویستی بوون و بابەتەکانیان وەک یەک دەچێ. پیاوی شەڕکەر دەچتە مەیدانی شەڕ و ژنەکەی یان دەزگیرانەکەی لە ماڵ دەمێنێتەوە و بە ئازایەتی، یان قارەمانێتی مێرد، یان دەزگیرانەکەی هەڵدەڵێ. ئەگەر ئەو شەڕکەرە ئەسپ سوار بێ، بەیتی سوارە دەگوترێ. ئەوجار ئەو گۆرانییەی کە تێکەڵ بە سەما و هەڵپەڕکی دەبوو، بابەتەکانی سەبارەت بە حەز و خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری و خەیانەت و جوانی رووخسار و جەمال و جوانی سروشت بوو. گۆرانی ئایینی و بەهاری کە جوانییەکانی ئەو فەسڵە بەیان دەکەن، بە سازی تایبەتی دەگوتران و هەروەها ماڵئاوایی لە سروشت و بەهار، گوڵە پاییز و رەنگیتر، شێوەی دیکە بە خۆوە دەگرت. گۆرانی و نەغمەی کەنیشکان کە لە کاتی چنینی فەڕش و جاجم و بەڕەدا

دەگوتری و ئاهەنگ و گۆرانی دەسـکەنە و دروینە و ترێ لێکردنەوە، زۆرتر لەگەڵ ریتمی کارەکە رێک دەخران. ئاهەنگەکانی ماتەمین و هەروەها عەزاداری و لایلایی لە لایەن ژنان دەچڕدران.

سروشتی بەیت، بەشیوەی پەخشان و نەزم بەیان دەکرێ و بەرهەمی کلاسیکی دراما و حەماسە و قارەمانێتی و ئەویندارى و میللییە و بە گشتی ئەدبی کلاسێکی نەتەوەیی کورد پیک دێنێ و بە ئاهەنگی غەمگین وەک لایی لایی و حەیران دەچڕدرێ. لە نێو عەشایر دا، خۆشەویستی کچان و کوڕان تێکەڵ بە حماسە و ئازایەتی و رووداوی دڵتەزێن بووە و رەنگ دانەوەی ئەو رووداوانە بە هۆی لاوان بە دەنگی بە سـۆز، گوتراون و دوایەش بە هۆی کەسانی خۆش زەوق و دەنگ خۆش دووپات کراونەوە.

عەلی حەسـەنیانی لە کتێبی "شـارۆێران" دا مەیدانی فەرهەنگ و کلتوری کورد، بەرینتر دەکا و دەنووسێ لە زەمانی مادەکان دا "گاسـە" یان "گاس" یان "گات" چەشـنێک هەڵبەسـتی ئایینی زەردەشتی بوون کە بە هەوای تایبەتی گوتراون (مامۆستا "هەژار" لە سەر ئەم بڕوایەم کە وشەی "گاز" "بانگ کردن و هەرا کردن" لە کوردیدا کە هەر بەو مانایەیە).

حەسنیانی دەنووسێ: کە بێجگە لەو گاسانە، لە مۆسیقای زەمانی پێش ئیسلامدا کە پێوەندی لەگەڵ مۆسـیقای ئەمڕۆی کوردی بووبێ، تەنیا ئاگامان لە "سرووودی ئەهۆرا" (سروودێک بووە کە بە ئەهۆرەمەزدادا هەڵگوتراوە) هەیە. هەواکەی بە تەواوی وەک "هۆرە"ی ئەمڕۆی کوردی بووە. گوتن و خوێندنەوەی ئەهۆرا بەم چەشـنە بووە کە بە پشـوویەک جوملەیەکیان گوتووە. ئەو چەشـنە گوتنە، کاری لە ئەدەبی ئیسـلامی کردووە و خوێندنەوەی قوڕئان، کتێبی ئاسـمانی موسـڵمانەکان لە خوێندنەوەی ئەهۆرا لاسـا کراوەتەوە و بە پشـوویەک جوملە یان ئایەیەک دەخوێندرێتەوە کە پێی دەڵێن "تجوید".

حەسەنیانی دەنووسێ کە دوای هاتنی ئیسلام، لەسەر مۆسیقای کۆنی کوردی بەڵگەیەکمان بە دەسـتەوە نییە، تەنیا بەیتەکان نەبن کە زۆریان لە سـەدان سـاڵ لە مەوبەر بۆمان ماونەوە. هەر یەک لەو بەیتـانە بە هەوایەکی تـایبەتی دەچڕێن. بێجگە لەو بەیتـانە، مۆسـیقـای کوردی لە رابردوویەکی درێژدا، بریتی بوون لە هێندێک شێعری ئایینی بە تایبەتی هەڵبەستی دەروێشانە و هێندێک گۆرانی بەزمی و رەزمی. ئامرازی مۆسـیقاش بریتی بوون لە تەپڵ، دوو تەپڵ، دەهۆڵ، دەفە، دمبەگ، دووزەلە، نایە، بلوێر و شمشاڵ.

خۆش زەوقی و مەیل بە سروشـتی هونەر و جوانی لە نێو کورداندا، بۆتە هۆی خولْقـاندنی دەیان و سـەدان هەوای جۆربەجۆر، بەڵام بەداخەوە دانەرانی ئەو هەوایانە روون نین کە کێن. تەنیا ئەوەی کە لە ڕابردوویەکی نیزیکدا ناوبانگی دەرکردووە خوا لێخۆش بوو "وەفایی"یە کە هەم شـاعیر بووە و هەم ئاهەنگسـاز. هەواکانی وەفایی مایەیەکی دەروێشـانە و هەوێنێکی عیرفانیان تێدا هەیە، هەر بۆیە بە هەوای ئاسمانی و رووحانی خۆیان لە دڵ و گیانی بیسەردا کار دەکەن.

گۆرانییە کوردییەکان لە هەموو دەزگایەکی مۆسـیقادا گوتراون و جۆربەجۆرن، بەتایبەتی لەم

دواییانەدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگیان بە سەردا هاتووە و بەرەو پێشکەوتن چوون. بەیتەکانیش کە هەر کام ئاهەنگ و هەوایەکی تایبەتییان هەیە، بەشێکی گرینگ لە مۆسیقای کوردی پێک دێنن.

بێجگە لەو بەیت و گۆرانییانە کە هەڵبەست و شێعریان هەیە، هەوای وامان هەیە کە بەبێ ئەوەی شێعریان هەبێ مەبەستێک دەگەیێنن وەک "بووک و خەسوو"( شەڕ و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بووک و خەسوو دەگەیێنێ) و "هەوارەبەرە" کە باسی شوانێکی لاو دەکا کە ئاشقی کچێکە و لە بەر جیاوازیی چینیایەتی ناتوانێ بە مرادی دڵی بگا و کچە بخوازێ یان تەنانەت لە نیزیکەوە قسەی لەگەڵ بکا. جا هەموو ڕۆژێ کە مەڕی بردۆتە لەوەڕێ، بە بلوێر ڕازی دڵی خۆی پێڕاگەیاندووە و تەنیا کچەکە لێی تێگەیشتووە کە دەڵێ چی.

ڕۆژێک کە شوانە مەڕەکانی بۆ لەوەڕ دەباتە دەرەوەی ئاوایی، جەردە دەچنە سەری کە مەڕەکانی لێ بستێنن. شوانە لە بەریان دەپاڕێتەوە و دەڵێ ئەمن ئەم مەڕانەم زۆر خۆش دەوێن، لێم گەڕێن با نەختێکیان بلوێر بۆ لێدەم جا بیانبەن. جەردەکان بەزەییيان پێدا دێ و ئیجازەی پێدەدەن. شوانەش بە بلوێر بە گراوییەکەی خۆی ڕادەگەیێنێ کە جەردەم هاتوونە سەر، خەڵکم بە هاواریەوە بنێرە. تەنیا کچەکە لێی تێدەگا کە دەڵێ چی. جا بە خەڵکی ئاوایی ڕادەگەیێنێ و خەڵک دەچن لە چنگ جەردان ڕزگاری دەکەن.

گەلی کورد کە سەدان ساڵە بە سوارچاکی ناوبانگی دەرکردووە، بۆ سواریش لە مۆسیقا کەلکی وەرگرتووە، بەم چەشنە کە بە دوو تەپڵ، چەند هەوای جۆربەجۆر لێدەدەن کە هەر کام مانایەکی تایبەتی هەیە و مەبەستێک رادەگەیێنێ. وەک کۆبوونەوە و سوار بوون و وەڕێ کەوتن، پڕتاو، رمبازێن، هێرش بردن و...

عەلی حەسەنیانی دەنووسێ کە ئەمڕۆ زانستی پزیشکی و رەوانناسی روونی کردۆتەوە کە لە کوردستاندا زۆر نەخۆشینی وەک ئەسپەک هەیە کە بە مۆسیقا چارەسەر دەکرێ.

پەیوەندی نیوان بابەتە فەرهەنگی و کلتورییەکان بەرین و قوڵە، بۆ وێنە شێعر و گۆرانی ناتوانن لە یەک جیا بن. عەلی حەسەنیانی لە کتیبی شارویران دا دەنووسێ: شێعری کوردی، بە گشتی دوو بەشە: فۆلکلۆریک و نووسراوە، فۆلکلۆریکەکان بە شێوەی بەیت و هەڵبەست و گۆرانی و... هەموویان لە سەر کێشی بڕگەیین. شێعرە نووسراوەکانیش لە هەوەڵەوە بە شێوەی بڕگەیی بوون. لە کۆنترینی ئەو شێعرانە هەڵبەستەکانی "پیر شالیار"ە کە خەڵکی هەورامان بووە و بۆ ئایینی زەردەشتی تەبلیغی کردووە و کتێبێکی بووە بە ناوی "ماریفەت". پیر شالیار هاوزەمان لەگەڵ وەدی هاتنی ئایینی ئیسلام ژیاوە و گڵکۆی لە هەورامانی تەختە. بە ناوترین شێعری پیر شالیار ئەم چوارینەیە کە پێشبینیی داهاتووی کردووە.

وەروێوە وارۆ وەروە وەرێنە(بەفرێک دەبارێ کە بەفرخۆرکەیە.)

وەرێسێو بڕیۆ چوار سەرێنە( ئەگەر گوریسێک بپسێ، چوار سەری لی پەیدا دەبێ.)

گۆشە ڵێ مێریۆ دوە بەرێنە( ئەگەر دیزە کون بێ دوو دەرکە پەیدا دەکا.)

کەر گەڕە شەڵێ هێڵە چەرمێنە( مریشک رەشە (بەڵام) هێلکەکەی سپییە.)

مەبەستی پیر شالیار ئەمەیە کە ئایینێک دێ کە ئایینەکانی دی لە نێو دەبا. ئەو زەردەشتییەکان بۆ یەکێتی هان دەدا و دەڵێ ئەگەر پشتی یەک نەگرن وەگ گوریسی پساو دەبنە چەند لەت یان وەکوو دیزەی کون، بێ کەلک و بێ نێوەرۆک دەبن. لە دواییدا هیواداریان دەکا بە دواڕۆژ و دەڵێ نابێ ناهومێد بن و ئیشارە بە هەوری ڕەش دەکا کە بارانەی سپی بە دواوە.

عەلی حەسەنیانی هەر لەو بوارەدا دەنووسێ: خودا لی خۆش بوو دوکتۆر «سەعید کوردستانی» پێستەئاسکێکی کە لە مەڵبەندی سولەیمانییەدا دۆزرابووە و ئەم شێعرانەی بە خەتتی پەهلەوی و بە زمانی کوردی لە سەر نووسراوەتەوە، داویەتی بە "مەلەکولشوعەرا بەهار". "ڕەشید یاسەمی" ئەو شێعرەی لە کتێبی "کورد و پێوەندی رەگەزی و مێژوویی ئەو" دا هێناوەتەوە و بەداخەوە هێندێک لە وشەکانی گۆڕیون. ئەوەی کە "مەلەکولشوعەرا" لە کتێبی "سەبک شناسی" دا هێناویەتەوە بەم چەشنەیە:

هورموزگان ڕمان، ئاتران کوژان( جێگەی ئەهۆرەمەزدا ( مزگەوت) ڕووخان، ئاگری (زەردەشت) کوژانەوە.)

هوشان شارە وە گەورەگاوران( گەورەی گاوران (زەردەشتیان) خۆیان شاردەوە)
زۆرکەری ئەرەب کردنا خاپوور( عەڕەبی زاڵم ویرانی کرد.)
گونانی پاڵە بەشی شارەزوور( گوندەکانی "پاڵە" ی بەشی شارەزوور.)
ژن و کەنیکا وە دیل بشینا( ژن و کچ بە دیل گیران)
مێرد ئازا تەلی ژرووی هوینا( پیاوئازاکان لە خوێندا تلان)
ڕەوش زەردوشتەر مانەنە و بێ دەس( ئایینی زەردەشت بیهێز ماوەتەوە)
بە زیکا نیکا هورموز وە هویچ کەس( ئەهۆرامەزدا بە هیچ کەسدا بەزەیی نایە.

فۆڕم و بێچمی بەیت، درێژ و لە فلکلۆری کوردان بە بابەتی درێژدادڕ، بەیتی بلە دەگوترێ و داهێنایی شتێکی ئەوتۆ، پێویستی بە حافزەیەکی بەتوانایە. بەیتبێژ کەسێک نییە کە هەر بەیتەکە بچڕی، بەلکوو چوونکە نووسراوە نەبووە، جاری وابووە پەرەی بە بەیتەکان داوە یان تەنانەت دانەریان بووە. بەڵام دواتر ئەو بەیتبێژانەی کە دەنگ خۆش بوون، ناسیاو و نێوبەدەرەوتر بوون. بەیت بێژان خزمەتی گەورەیان بە مانەوەی مێژوو و زبانی کوردی کردوە و سەدان ساڵ سینگ بە سینگ، بە دەنگی زولالیان، بۆشایی نووسینی کوردیان پڕ کردەوە. ئەوان نەیانهێشت شەڕی پاڵەوان و قارەمانان و داستانە عیشقی و حماسییەکان، کە بەشێکی گرینگ لە فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردی پێک دێنن فەرامۆش بکرین. بەیتەکانی دمدم، حوسێن چاوپان، مەرزینگان، زەنبیل فرۆش، گوڵێ، ناجی عومەر، سەیدەوان، خەج و سیامەند، مشک و ئاشەوان و ... خەزێنەیەکی گەورەی ئەدەبی کوردین. میژووی بەیتەکان ناروون و دەگوتری کۆنترینیان بەیتی دمدمە و تازەترینیسیان بەیتی باپیرئاغا بابی هەمزاغایە کە خۆ لە ١٤٠ ساڵ دەدا.

محەممەد قازی(وەرگێڕ) لە گۆڤاری کوهستانی ژمارە ٦٣ ی ١٩٤٦ دا، باسی رۆڵی ئوسکارمان دەکا کە لە سالی ١٩٠١ هاتۆتە کوردستان و ماوەی ٢ ساڵ لە مەهاباد ماوەتەوە و لەگەڵ دوکتور

جەوادی قازی دەســتی بە کۆ کردنەوەی بەیتەکانی کوردی کرد. ئەو کەڵکی لە رەحمان بەکر و میرزا ئەسـکەندەر وەرگرت کە لەو بوارە دا چڵەپۆپە و لە رادەبەدەر شـارەزابوون و بیتەکانی مەم و زین و دمدم و لاس و خەزاڵ و ناسر و مامڵ و برایمۆک و فەرخۆڵە و زەنبیل فرۆش و لەشـکری و خەزێم ...یان کۆ کردەوە.

لە چاوخشاندنەوە بەسەر بەیتەکان دا. کاتێک ئەوانە دەگەنە لاس کە شێری کوشتووە و کەوڵی کردووە و لە سـەر کەوڵەکەی خەوی لێکەوتووە. دوایە خەزاڵ بە هەزاران ناز و عیشـوە دێتە لای لاس و دێخونی دەکاتەوە و گلێی لە خۆشـەویسـتی خۆی دەکا، لاس دەپاڕێتەوە و داوای لێبوردنی لێدەکا و لە ئامێزی دەگرێ، ئۆسـکارمان وەها دەکەوێتە ژێر کاریگەری جوانی سـادەیی وشـەکان، کە لە نەکاو هەڵدەسـتێتە حەوا و وەک کەسـێکی سـەرشـێت کە ئاڵوگۆڕێکی لە نەکاو، دەروونی هەڵتەکاند بێ، دەســت دەکا بە ســەما و هەڵپەڕکێ و هاوارێ دەکا: ئێوەی کورد قەدری ئە هەڵبەسـتە نەخشـینە بە نرخانە نازانن، خودا شـاهیدە نە "شـکسـپێر" نە "دانتس" نە "گۆتە" و نە "شیلر" نە "هۆگۆ" و نە "لامارتین" و نە "پوشکین" هیچ کامیان شتی وا جوانیان نەگوتووە.

لە درێژەی ئەو بابەتە لە بواری زمانەوانی و نووســین دا، ئەگەر باســی رۆژنامەگەری لە رۆژهەڵاتی کوردســتان دا بکرێ، دەبێ بگوترێ کە یەکەم رۆژنـامەی کوردی کە لەو مەڵبەنـدە دەرچوو، بە هۆی عەبدولرەزاق بەدرخانەوە بوو کە لە سـاڵی ١٩١٣ لە شـاری خۆیە بڵاوکراوە. نۆ ســاڵ دواتر لە ســاڵی ١٩٢٢مەلا محەمەد تورجانی زادە(قزلجی) رۆژنامەی "کورد" کە زمانحاڵی سـمایل ئاغای سـمکۆ بوو، لە چاپخانەی "غیرەت" کە پێشـتر چاپخانەی "تەمەدون" بوو و سـمکۆ دەستی بەسەر داگرت بوو، لە شاری ورمێ لە چاپ دا. ئەم ڕۆژنامەیە حەوتووانە و لە چوار لاپەڕە دابوو و تەنیا چوار ژمارەی لێدەرچوو. ئامانجەکانی ئەو رۆژنامەیە یەکێتی و یەکگرتوویی بوو کە لە دوو دەسـتی تەوقە کراودا وێنا دەکرا و لە سـەرەوەی ئەو دروشـمە نووسرا بوو: "واعتصـموا بحبل‌الله جمیعا ولاتفرقوا" و لە ژێروەش دا نووسرا بوو سیاسی، ئەدبی، ئەخباری.

پاش ئەو رۆژنامەیە بۆ ماوەی ٢١ ساڵ، هیچ رۆژنامەیەکی کوردی چاپ نەکرا، تا لە ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری نیشـــتمان، ئۆرگـانی کۆمەڵەی ژ.ک لە مە هابـاد بڵاو کراوە کە هەنگـاویکی گەورە لە رۆژنامەگەری کوردی دابوو و کاریگەری زۆری لەسەر رەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان ئەوکات دا دانا. دوای ئەوە رۆژنامەکانی، هاواری کورد، گۆڤاری کوردســتان، گۆڤاری هەڵاڵە، ئاوات، هاواری نیشتمان و رۆژنامەی کوردستان... بڵاو بوونەوە.

لە نێو بابەتەکانی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەدا کە تەوەری سـەرەکی ئەو کتیبەیە، ئەدەبی شـێعر مەبەسـتە و هەوڵ دراوە گشـت شـێعری شـاعیرانی ئەو قۆناغە کە زۆرتر باسـی زوڵمی و زۆریی و بەدبەختی ماڵوێرانی نەتەویی کورد دەکەن و ئاواتەخوازن کە هەرچی زووتر کورد لە سـتەمی نەتەوایەتی رزگاری بێ و بە دەوڵەتی خۆی بگا، تۆمار کراوە. لە شـێعری ئەو شـاعیرانە دا، هەموو رەمز و هیما نەتەوەییەکان هەر لە ئالا و پێشـەوا و پاشـا و سـەرکۆمار و داموودەزگاکانی بەڕێوەبەری و ئیداریی را بگرە تا ئاو و خاك، ئاسمان، شاخ و دار و زەوی و زاری کوردستان، دەبنە

ڕەمز و بابەتی پەرەستن و لە بەرزترین ئاوات و ئارەزووەکان دا دەردەکەون و شاعیران لە پیناویان دا ئامادەن بۆ گیانفیدایی و سەروماڵ بەخشین.

لە لایەن ئەو شاعیرانە، خوشەویستی نەتەویی بەربەست نییە لە ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە و ئەوان ئاواتەخوازن کە هەموو میللەتان بە ماڤی خۆیان بگەن و پشـــتیوان و یارمەتیدەری یەک بن. ئەوان تەنیا بە شـێوەیەکی ڕیئاڵ، فاشـیسـت و ڕەگەزپەرەسـتانی تورک و عەڕەب و فارس کە هەڵگری زوڵمی لەبڕان نەهاتوو و دڕندانەی سەدان ساڵە دژی بە کوردن، بە دوژمن دادەنێنن.

لەســەردەمی کۆمار دا شـێعر، ڕەنگدانەوەی عیشــق و ســۆز و روحی نەتەوەیی و بەرهەمی خەباتی کۆمەڵگایەک بوو کە دەیهەویســـت لە ژێردەســـتی و زوڵم و زۆری نەتەوەکانی دیکە دا ڕزگار بێ. شاعیران بە نووسینی شێعری نەتەوەیی نیگەرانی و مەترسییەکانی نیشتمان هێنایە بەر باس و بۆ خۆشەویستی و داڕێژتنی بناغەی میللی و نیشتمانی و سروشتی جوانییەکان کوردستان، شێعری بەرزیان هۆندەوە. لەو سەردەمەدا ئەلف و بێ کوردی ڕەنگ و ڕووی پێدرا و بەرگی نوێ دەبەر کرا و تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لە کارگەری زبانی فارس و تورک و عەڕەب، دوور خستەوە.

لەژێر هەســـتی بە تینی نەتەویی دا، دەیان کەڵە شـــاعیری گەورە پەیدا بوون کە بەســـتێنی شـێعریان گەیاندە ترۆپکی ئاسـمانی هونەری کوردەواری. ورد بوونەوە لە بەرهەمی ئەو شـاعیرانە دەردەخا کە گەیشتن بە سەربەستی و سەربەخۆیی، چۆن کاریگەری لەسەر کلتوری شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیەک دەبی و دەردەکەوی کە مافی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ هەر مرۆڤێک، تەنیا گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەییە.

قاسم قازی

٢٠٢١/٣/٢٠

# مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## (سەردەمی دووبەرەکی و شەڕ و لێک دابڕان)
## بەرگی ٤

**نووسینی: قاسم قازی**

49 Book
Publishing

مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

(سەردەمی دووبەرەکی و شەڕ و لێک دابڕان)

بەرگی ٤

نووسینی: قاسم قازی

هەڵەگر: موعتەسەمی نوورانی
دیزاین: شاروخ ئەڕژەنگی
چاپی یەکەم سوید ٢٠١٩
چاپی سێهەم سوید 2022
چاپ و بڵاو کراوەی 49books
www.49plusbooks.com
ISBN: 978-91-89734-33-3
ISBN vol 4: 978-91-89734-37-1

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

## ناوەرۆک

بەشی ٦٣ ........ 9
بووژانەوە یان ترازان لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات........ 9
کۆمەڵەی کومونیستی کوردستان. ........ 12
ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور........ 13
چاپ کردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" لە کوردستانی باشوور........ 14
گۆڤاری ڕێگا ........ 16
دامەزراندەوەی حیزبی دێموکرات لە شاری باکۆ ........ 18
حیزبی دێموکرات لە ژێر دەستەڵاتی حیزبی توودە دا........ 19
بەشی ٦٤ ........ 28
بنەماڵەی پێشەوا قازی لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٢ دا........ 28
بەشی ٦٥ ........ 34
ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٧ تا ١٣٣٢........ 34
قات و قڕی لە زستانی ١٣٢٧ دا........ 34
هەڵبژاردنی دەورەی شازدەهەمی مەجلیسی شوڕای میللی........ 37
کوژرانی ڕەزمئارا لە ساڵی ١٣٢٩ ........ 38
کومیتەی مەهابادی حیزبی دێموکرات........ 40
محەممەدی مەولوودی........ 42
موسەدیق بوو بە سەرۆکی وەزیران ........ 46
هەڵبژاردن لە مەهاباد بۆ دەورەی ١٧مەجلیسی شوڕای میللی ........ 50
بەشی ٦٦ ........ 54
کومیتەی کاک ( کومیتەکانی ئازەربایجان و کوردستان)........ 54
ڕاهێنانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هۆی حیزبی تودە........ 55
کارەکانی موسەدیق لە ساڵەکانی ١٣٣١ تا ١٣٣٢........ 57
بەشی ٦٧ ........ 62
ڕاپەڕینی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢ ........ 62
فستیواڵی جیهانی لاوان لە بوخارست........ 67
کومیتەی "کوردستان"........ 68
بەشی ٦٨ ........ 71
کودەتا ........ 71
شکستی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢ ........ 71
سەرکەوتنی کودەتای دژی گەلی لە ساڵی ١٣٣٢........ 74
بەشی ٦٩ ........ 80
وەزعی ئەندامانی حیزب لە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢........ 80
کوڕی ڕەش چاوی بە شا کەوت ١٣٣٢........ 80
ئەغیار بوونەوە ئەندامانی حیزب بە دوای کودەتای ساڵی ١٣٣٢........ 81
چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٣........ 89
عیسمەتی قازی(کچی پێشەوا) خۆی کوشت ........ 91
عەلی قازی (کوڕی ڕەش) چوو بۆ ئاڵمان........ 94

پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٣٣٤ ........................................ 94
بەشی٧٠........................................ 95
قوتار بوونی حیزبی دێموکرات لەژێر چەنگی حیزبی تودە لە ساڵی ١٣٣٤ ........................................ 95
یەکەم کۆنفرانسی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٣٤ ........................................ 95
کارەکانی کۆنفرانسی یەک ........................................ 99
گیرانی دوکتور قاسملوو ........................................ 101
دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق دەچنە ئوروپا........................................ 103
بەشی ٧١........................................ 108
لە ساڵێ ١٣٣٧ زەبری گورچووبڕ لە تەشکیلاتی حیزب کەوت ........................................ 108
گیرانی عەزیزی یۆسفی........................................ 108
گیرانی سمایل قاسملوو........................................ 110
شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٣٨ ........................................ 115
بەشی ٧٢........................................ 127
رێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ژێر حوکمی ئیعدام دا........................................ 127
بەشی ٧٣........................................ 131
کۆدەتای١٤ ی ژووئیەی ١٩٥٨ عێراق ١٣٣٧ ........................................ 131
گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤییەت........................................ 131
گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە ئوروپا بۆ عێراق........................................ 134
چەند ئیتلاعێک لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ........................................ 134
هەڵاتنی ئەندامانی حیزب بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٣٨ ........................................ 138
کۆمۆنی سولەیمانییە........................................ 138
چوونی دوکتور قاسملوو بۆ کۆموونی سولەیمانییە........................................ 141
دەرکردنی دوکتور قاسملوو لە عێراق........................................ 144
گوێزتنەوەی کۆموونی سولەیمانی........................................ 146
کاریگەری گشتی شۆڕشی ١٩٥٨ لەسەر حیزبی دێموکرات........................................ 147
کوشتنی ئەسعەد خودایار........................................ 150
بەشی ٧٤........................................ 154
حیزبی تودە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان........................................ 154
پێنجەمین کونگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٣٣٩ ........................................ 155
بەشی ٧٥........................................ 157
شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ ........................................ 157
رۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ئەیلوول دا........................................ 158
بەشی ٧٦........................................ 168
شۆڕشی سپی لە ساڵی ١٣٤١ ........................................ 168
ئاخوندەکان دژی شۆڕشی سپین........................................ 171
بەشی ٧٧........................................ 175
شاڵاوی گرتنی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٤٢ ........................................ 175
پەیوەندی ئەندامانی حیزب لە زیندان دا لە ساڵی ١٣٤٣........................................ 177
کێشەی ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی باشوور........................................ 178

کوشتنی مەلا محەمەدی خالیدی(خۆڕخۆڕە).......... 189
بەشی ٧٨.......... 193
کۆمەڵەی ڕەزگاری کوردستان.......... 193
بەشی ٧٩.......... 200
کومیتەی ساخکەرەوە لە ساڵی ١٣٤٣.......... 200
بەیانییەی کومیتەی ساخ کەرەوە.......... 207
کار و تێکۆشانی کومیتەی ساخکەرەوە.......... 220
بەشی ٨٠.......... 233
کونگرەی ٢ ی حیزبی دیموکرات.......... 233
ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزبی دێموکرات.......... 241
بەیاننامەی کونگرەی ٢.......... 242
لەمەڕ ناوەندیەتی حیزبی:.......... 251
دژکردەوەی ئەندامانی حیزب بە بڕیاراتی کۆنگرەی ٢.......... 258
بەشی ٨١.......... 265
مەلایی و جەلالی.......... 265
هێرشی بارزانی بۆ سەر باڵی مەکتەبی سیاسی و تیکشکانی پاشماوەی کومیتەی ساخکەرەوە.......... 268
بەشی٨٢.......... 274
ئاکامی کومیتەی ساخکەرەوە.......... 274
تەقە لە شا لە ساڵی ١٣٤٤.......... 283
بەشی ٨٣.......... 284
ناکوکی نیوان ڕێبەری حیزبی دێموکرات بە دوای کۆنگرەی ٢ دا.......... 284
گیران و ڕاکردنی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤).......... 285
زیزبوون و تۆڕانی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دێموکرات.......... 288
بەشی ٨٤.......... 292
گەڕانەوەی دەستەکانی ڕێبەری حیزب بۆ ناوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٤٤.......... 292
دابەش بوونی ئەندامانی حیزب بەسەر پارتی و جەلالی لە ساڵی ١٩٦٤.......... 301
کوشتنی سەدیق ئەنجیری.......... 303
بەشی ٨٥.......... 312
بێدەسەڵات بوونی ئەحمەد تۆفیق لە لای شۆڕش دا.......... 312
دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی.......... 314
بەشی ٨٦.......... 319
کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات.......... 319
حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٥.......... 325
چاپی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ (١٣٤٤- ١٣٤٥) لە ئوروپا.......... 328
بەشی ٨٧.......... 330
حیزبی دێموکرات بەر لە ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧.......... 330
گیرانی مونتەقیمی قازی.......... 342
شێوە کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە دەهەی ٤٠ و٥٠ دا.......... 348
نەحۆ پاشائی (باپیر شکاک).......... 350

بەشی ٨٨ ........................................ 353
جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ ........................................ 353
حیزبی تودە و حیزبی دێموکرات ........................................ 353
بەشی ٨٩ ........................................ 360
شەڕەکانی ساڵی ١٣٤٦ ........................................ 360
بەشی ٩٠ ........................................ 368
دەستی ڕێژیمی ئێران و هەڵسوکەوتی شۆڕش بە دژی خەباتی چەکداری ٤٦- ٤٧ ........................................ 368
جاشێتی ........................................ 375
زیندانی ڕێژیم و زیندانیانی حیزبی دێموکرات ........................................ 378
بەشی ٩١ ........................................ 383
ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧ (ساڵی ١٣٤٧) ........................................ 383
ڕێکەوتنی نابەدڵی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٦ ........................................ 383
بەشی ٩٢ ........................................ 394
ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی تودە ........................................ 394
کوڕوشی لاشایی ........................................ 394
بەشی ٩٣ ........................................ 400
شەهیدانی ساڵی ١٣٤٧ ........................................ 400
شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە ........................................ 400
مەلا ئاوارە ........................................ 406
گیرانی سولەیمان موعینی ........................................ 415
ڕەنگ دانەوەی کوشتنی سولەیمان موعینی ........................................ 429
شەهیدان عەوڵا موعینی و مینە شەم ........................................ 431
محەممەد ئەمینی موعینی ........................................ 434
شەهیدانی کێوی حاجی کیمی ........................................ 436
مراد شیرێژ ........................................ 441
شەهیدان محەممەد ڕەسۆمەرەی و فەقێ عەلی شیوەسەڵی (عەلی ڕەش) ........................................ 443
شەڕی گوێزە کوێرە ........................................ 445
ئەشکەوتی خەزاڵێ ........................................ 446
بەشی ٩٤ ........................................ 448
هۆیەکانی تێکشکانی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ ........................................ 448
بەکرەجۆ ........................................ 452
بەتالیونی شەهید پێشەوا ........................................ 452
بەشی ٩٥ ........................................ 455
ئاکامی جوڵانەوەی ٤٦ -٤٧ ........................................ 455
کۆی کوژراوکانی جوڵانەوەی ٤٦-٤٧ ........................................ 459
بەشی ٩٦ ........................................ 462
کۆنفڕانسی ٢ لە ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩) ........................................ 462
ئەحمەد تۆفیق پەنا بۆ بەغدا دەبا ........................................ 464
بەشی ٩٧ ........................................ 469

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ئوروپا و ڕووی دزێوی حیزبی تودە بە دوای ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ...... 469
بەشی ٩٨ ...... 476
١١ ئازار١٩٧٠ ...... 476
بەشی٩٩ ...... 479
کومیتەی سەرکردایەتی کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ...... 479
تێکەڵ بوونەوەی ڕێبەری بەشەکانی حیزب ...... 479
دامەزرانی پەیوەندی دیپلۆماسی کومیتەی سەرکردایەتی کاتی ...... 484
بەشی ١٠٠ ...... 487
کۆنفڕانسی٣ ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) ...... 487
دارژتنی بنەمای دۆستانە لە گەڵ پارتی دێموکرات ...... 491
کۆ کردنەوەی ئەندامانی حیزب لە یەک شوێن ...... 492
کلاسی کادر لە کۆنفڕانسی٣ ساڵی ١٩٧١ ...... 497
ریکخستنی تەشکیلاتی و بڕیاری نیزامی ...... 499
شەهید بوونی مەلا قادر وردی(وێنە) ...... 500
رادیۆ ...... 503
بەشی ١٠١ ...... 505
تەیمووری بەختیار ...... 505
ژێنراڵ مەحموود پەناهیان ...... 508
بەشی ١٠٢ ...... 511
شەهید کردنی هاشم ئەقەلوتولاب(قادر شەریف) ...... 511
بەشی ١٠٣ ...... 514
ئیستعفا و دەرکردن ئەحمەد تۆفیق ...... 514
دامەزرانی کۆمەڵەی ڕێبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەحمەد تۆفیق ...... 516
کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق ...... 525
بەشی ٨٦ ...... 530
کۆنگرەی٣ ی حیزبی دێموکرات ...... 530
رادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران" ...... 540
کتێبی تاریک و روون ...... 541
ڕێکخستنەوەی نوێی تەشکیلاتی حیزب ...... 542
دابەش کردنی ڕێبەری حیزب بەسەر وڵات و ناوچەکان دا ...... 544
بەشی١٠٥ ...... 547
چاوپێکەوتنی فەشەلی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و حیزبی تودە لە ساڵی ١٩٧٤ ...... 547
دوکتور قاسملوو لە پراگ تووشێ کێشە بوو ...... 549
ڕۆژنامەی کوردستان ...... 552
بەشی ١٠٦ ...... 554
ئاخر قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول ...... 554
کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥ ...... 560
ڕێکەوتنی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ...... 564
بەشی ١٠٧ ...... 567

وەزعی گشتی حیزبی دێموکرات بە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ........ 567
گەپ و قەشمەری نێو ئەندامانی حیزب ........ 574
دادگای خەیاڵی مامۆستا هێمن ........ 574
ئەنوەر سادات سەردانی بەغدا دەکا ........ 584
بەشی ١٠٨ ........ 587
شۆڕشی گوڵان ١٩٧٦(ڕێبەری کاتی) ........ 587
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٥ ........ 591
بەشی ١٠٩ ........ 598
پەیوەندی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوی موجاهدین و چریکی فیدائی ........ 598
ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران ........ 598
چریکە فیدائییەکانی خەڵکی ئێران ........ 599
بەشی ١١٠ ........ 603
گەلاڵەی سیامی لە سالی ١٣٥٥(١٩٧٦) ........ 603
گەڕانەوەی پێشمەرگە حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٥٥ ........ 604
گرتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمیتەی رابەر ١٩٧٧ ........ 606
کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٧ ........ 608
سەفەری هەیئەتی حیزب بۆ وڵاتی یەمەن و دەورەی نیزامی ........ 610
سەفەری دوکتور قاسملوو بۆ لیبی لە ساڵی ١٩٧٧ ........ 613
گیرانی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی ١٩٧٧ ........ 614
بەشی ١١١ ........ 618
ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ........ 618
بەشی ١١٢ ........ 624
دوکتور قاسملوو و داڕشتنی پلانی کار و کێشەکانی نێوخۆیی حیزب ........ 624
شەڕی ئەندامانی ڕێبەری و ئەگەری جوێبوونەوە لە حیزب دا؟ ........ 627
بەشی ١١٣ ........ 637
هێز و توانای ئێران لە دەهەی چل و پەنجاکان دا ........ 637
مەقالەی "ئێران و ئیستیعماری رەش و سوور" ........ 641
بەشی ١١٤ ........ 645
ئازاد بوونی عەزیز یۆسفی ........ 645